Kurdistan Net Digitally signed by Kurdistan Net DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL Date: 2002.07.11 11:35:19 +01'00' Signature Not Verified



...

سەلام عەبدوڵلا

ئاشکرایە، هەوڵی لەکەدارکردنی ناوی هەر کەسێك، کارێکی دزێوە و تەنها لە کەسانێك دەوەشێتەوە، کە بەڕاست ئاستنزم و نەزانن. ئەوەی راستی بێ، ئەگەر بەرای کاك عومەر (خاوەنی کوردستاننێت)، ووتارەکەی کاك نزار ئاگری بۆ لەکەدارکردنی ناوی کاك (عەبدوڵلا پەشێو)ە، ئەوا دەبێ بە خاوەنی وتاری ناوبراو بڵێ (هیوادارین گوللە بەتاریکییەوە نەنێت)، نەك بە من!دەبوایە وەك پرنسیبێك بۆ بەهێزکردنی دیالۆك، ئەو وتارە لەشوێنی خۆیدا بهێڵن و لە وتارێکدا بە فاکت بێ بناغەیەکەی پیشان بدەن. دەبێ بە وەڵامدانەوە روون بکرێتەوە، چۆن نزار پەنای بۆ درۆکردن بردووە یا چۆن لە نابەڵەدییەوە هۆنراوەی کەسێکی تری کردووە بە ماڵ بەسەر کاکە عەبدوڵلا، ئەو کات مەسەلەکە بۆ هەموو لایەك روون دەبووەوەو نرخی خۆیی لە دەست دەدا.

من دژی سەربڕینی ئەو وتارە بووم.

کاك عومەر باش ئاگای لە ماڵپەڕەکەیەتی، دەشزانێ کەسانێك بە درێژایی ژیانیان بۆ چرکەیەك، لەبەرەی فاشییەت نەبوون، ئەشکەنجە دراون، بە گوێرەی توانایان بە توندی لە خەباتی دژ بە فاشییەت بەشداریانکردووە، مێوانی زیندانەکانی هەیئە خاسەو چەندین زیندانی تر بوون، دایك و باوکی بەر سیاسەتی تەعریب و دەرکردنی زۆرەملی و ئەتك و رسوابوون کەوتوون...هتد بوون، لە دەرەوەی وەڵاتیش، شان بە شانی هاوڕێ و دڵسۆزانی تر لە ئەکتسیونگەلێکی بێ ژمارە کە شوێنی شانازی هەموو خەڵکە، بەشداریان کردووە، کەچی هێژا عومەر ڕێ بە کەسانی زۆر نزم دەدا کە یەك لە سەر سەدی ئەو کەسە بەرگرییان نەکردووە، رەنج، نەگبەتی و هەژارییان نەکێشاوە، ناویان لەکەدار بکرێ! بۆچی بە ناوی ئازادییەوە رێگا دەدەن لە سەر سنگی ماڵپەڕەتان درۆ لە دژی ئەو جۆرە کەسانە بنووسرێ(...کەچی بە هەڵویست بە مەتەرێزی کۆنە بەعسیانەوە پەیوەست دەبوو!)؟؟!. بۆچی کەسێك بە درێژایی ژیانی پیتێکی خێر بۆ فاشیستەکانی نەنووسیبێ، تەنهاو تەنها بە ووشەو کردەوە لە بەری دژ راوەستابێت، لە ماڵپەڕەکەی جەنابتان بۆ لەکەدارکردنی، درۆی شاخداری لە سەر بڵاو بکرێتەو؟ ئەوە کامە خاوەن ویژدانە ئەمە قبوولێ دەکا؟بۆچی بە پێویستی دەزانن ئەوەی نزار بایکۆت بکرێ، بەڵام هەمان کردار بە هەمان مەبەست لە لایەن کەسانی ترەوە بایکۆت ناکەن؟ کام بەرژەوەندی لە پشت ئەم هەڵویستە خۆی مەڵاسداوە؟بۆچی لەماوەی چەندین مانگ هەمان هەڵویستتان وەرنەگرتووە؟–من قەت لە گەڵ لابردنی ئەو وتارە نیم، با هەموو خوێنەرانی بەرێز ئاگاداری ئەو کارە زۆر دزێوە بن کە ئازاری لە ئەشکەنجەی بەعسییەکان زۆرترە، بۆیە دێڕ بە دێڕی رسوا دەکەم–. لە بەرامبەر ئەم ناڕەوایەتییە، من بە مافی ڕەوای خۆمی دەزانم بە خاوەنی ئەو دێڕە بڵێم، پێڵاوەکەم لە حەفتا پشتت خاوێنترە!ئەی چی بڵێم؟ بڵێم جەناب وا نییە؟ فەرموون، ئەوی پشتگیری لە بۆچوونی ئەو خاوەن"مروەتە زیندووە"دەکا با دێرێك، هەناسەو هەنگاوێکم پیشان بدەن کە بە حاڵ بیسەلمێنێ لەو بەرەیە راوەستاوم. کابرایەك بە چەپڵەو خۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی لە فاشیستەکانی بەغدا دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی وتارێکم بە دەسکاری، گۆڕین و درۆپێوەنان لە سەر یەکەم لاپەڕەی رۆژنامە زەردەکەیان (هاوکاری) کە هەر کاتی خۆیشی لە رۆژنامەی هەتاو هەڵویستم لە بەرامبەری وەرگرت، کەچی ئەو تاوانە دەکا بە ماڵ بەسەر من! ! ئەوجا سەیری ئەم هەموو تەرەسییە بکەن...

بە گشتی من چاوەڕوانی ئەوە بووم، کاك عومەر دان بە هەڵەی لابردنی ووتارەکە بنێ، وەك وتارەکەی سەر سنگی کوردستانێت مامەڵەی لە گەڵ بکات، ئەمەیە پابەندبوون بە ئازادی بیروڕاو زەمینەخۆشکردن بۆ دیالۆك و رەخنەو رەخنە خۆگرتن...

**2002/7/10**